بؤ بينيني ئةلَقةي 1 و 2 ئسرة كليك بكة.



حەمەسەعید حەسەن

ئەگەر زۆر هەستیاریت و چاویشت بە سەرکەوتنی مندا هەڵنایە، ئەم ئەڵقەیە مەخوێنەوە، نەک خوا نەخواستە، دڵت شەق ببات.

# گەشتنامە

ئەڵقەی (3)

(گەشتنامەکەت دەڵێی درامای حسێن میسرییە، خەڵک بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەڵقەکانی دەکەن.)

بەختیار شاخی ـ هەولێر

‹ج›ەعفەری دەبێتە سەرەکوەزیران، ‹ج›بووری بە سەرۆکی پەرلەمان و ‹ج›ەلالی لەمەڕ ئێمەش، بە سەرەککۆمار. چل و یەک ساڵە جیمێک مۆتەکەیەکە و چۆکی لەسەر سنگمان داداوە، وا خودا، کە پێ دەچێت غەزەبی بەردەوام بێت، دوو جیمی دیکەشی بۆ نازڵ کردین! دوای کودەتاکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣، جیم تاڵەبانی بۆ وتوویژ گەییشتە بەغدا، کەچی لەبری ئەوەی داوای مافی کورد بکات، لەگەڵ بەعسییەکاندا بەرەو قاهیرە ملی نا و لەوێ داوای یەکیەتیی نێوان عێراق، سووریا و میسری کرد! بەوەدا جیم تاڵەبانی کە سەرۆکی شاندی کوردستان بوو، داوای بەیەکبوونی وڵاتە عەرەبییەکانی دەکرد، وای بۆ دەچم کە بووە سەرۆکی عێراق، داوای یەکیەتیی نێوان وڵاتانی عەرەب و وڵاتە ئیسلامییەکان بکات. بەعسی تەنیاباڵ کە تەنیا هەر نەتەوەیی بوو، لە ١٩٦٣دا ‹دۆڵی مەرگ›(١) و لە ١٩٨٨دا ‹بای مەرگ›ی(٢) پێشکەش کردین. دەترسم میشعانی نەتەوەیی و ئیبراهیمی ئیسلامی، بە دووقۆڵی، لە بەعس خراپترمان پێ بکەن.

*

ببوورن نەختێک لە بابەتەکە دوور کەوتمەوە. ٢٠٠٥/١/٥ یەکیەتیی نووسەرانی کوردی لقی هەولێر، لە هۆڵی میدیا کۆڕێکیان بۆ ساز کردم، تێیدا باسی ئەزموونی نووسینی خۆمم کرد و هەندێک هۆنراوەشم خوێندەوە، لە کۆتایی کۆڕەکەدا پەیمان عەبدوڵڵا، نامەیەک، چەپکێک گوڵ و ئاڵایەکی کوردستانی پێشکەش کردم. نامەکەی لەم چەند وشەیە پێک هاتبوو: (لە ئاڵای کوردستان بەنرخترم شک نەبرد، بیکەم بە مەدالیای سەرفرازی بۆت. تەنیا تۆی بە پەیڤە جوانەکانت خێزانی شەهید، ئەنفالکراو، بێسەروشوێن و منداڵە بێنازەکانی کوردستان بەسەر دەکەیەوە و بە ئێش و ئازارەکانمان ئاشنایت.)

کە ساتیر دەنووسم، ئیدی بە شیعر بێت یان بە پەخشان، بەوپەڕی هۆشیارییەوە هانا بۆ ‹گرتن›ی هەستیارترین ‹دەمار›ی(٣) ڕەخنەلێگیراو دەبەم، بە زەبری چەند وشەیەک وای دەورووژێنم، هەر کە هاتە پەیڤین، هەموان

پێی بزانن، هاوسەنگیی تێک چووە. لە هەمان کۆڕدا، توێژەرەوەی هێژا حەکیمی مەلا ساڵح گوتی: (من بە ساتیرەشیعری حەمەسەعید حەسەن زۆر سەرسامم، شیعری داشۆرین دوای دەورانی شێخ ڕەزا خەریک بوو دەمرد، ئەو بە شێوازێکی جوان و نوێ، زیندووی کردەوە.)

ئەو چەند ڕۆژەی لە هەولێر بووم، قەیرانی بەنزین هەبوو، سەرەی وەرگرتنی بەنزین هێندە درێژ بوو، ئەو سەری دیار نەبوو. کە کۆڕەکە تەواو بوو، کتێبی ‹جەلالینامە›م بۆ ئەو خوێنەرانە ئیمزا دەکرد کە بە نووسینەکانم سەرسامن، ڕیزی سەرەی ئەوانەی چاوەڕێی ئیمزام بوون، هێندە درێژ بوو، سەرەی وەرگرتنی بەنزینی وەبیر دەهێنامەوە.

ناڵە عەبدولڕەحمان کە دوو بەرنامەی ‹دیوان›ی تەلەڤیزیۆنی سەتەلایتی کوردستانی بۆ شیعری من تەرخان کرد، لە ڕادیۆی ‹هەرێم›یشەوە دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز کردم، کە لە ئێزگەی ڕادیۆی هەرێم ئافرەتێکی پێ ناساندم، گوتی: ئەمە هەواری خوشکمە، من تەنیا پێت سەرسامم و هیچی تر، بەڵام ئەم، هێندە پێت سەرسامە، عاشقت بووە. هەوار عەبدولڕەحمانی ڕێزدار لەو ڕیپۆرتاژەدا کە سەبارەت بە کۆڕەکەم، لە کوردستان تیڤییەوە پێشکەشی کرد، گوتی: (وەرن با لە قەڵەمە سەرکێشەکەی ئەم نووسەرەوە، فێری بوێریی ببین.)

شاعیر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بەرزنجی، لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانەوە دەیدواندم، زۆر نووسەر و خوێنەری ڕێزدار، زەنگیان لێ دا و بەرهەمی منیان بەرز نرخاند، پرۆفیسۆر شوکریە ڕەسووڵ گوتی: حەمەسەعید حەسەن بە کوردییەکی هێندە باڵا دەنووسێت، هەر نووسینێکی تازەی بخوێنمەوە، دوو سێ وشەی تازەی وای تێدایە، کە ناچار دەبم بۆ زانینی واتاکانیان سەیری فەرهەنگ بکەم. ئەم نووسەرە کە بەردەوام خەریکی شەڕەنووسینە، هێشتا لە هیچ شەڕێکیدا نەیدۆڕاندووە.) نهێنییەک هەیە، پێم خۆشە ئاشکرای بکەم، لە هیچ کام لەو شەڕەنووسینانەدا من دەستپێشخەر نەبووم، دەشێت لە سۆنگەی ئەوەوە کە ناحەزانم بە نهێنی لە پشتەوە پەلاماریان داوم و منیش بە ئاشکرا بەرەو ڕوویان بوومەتەوە، خوێنەر، من بە دەستپێشخەر بزانێت.

کاک شوان مامە لە ‹بیرمینگەهام›ەوە، بۆم دەنووسێت: (تەنیا لەبەر نووسینی تۆ، سەردانی پێگە کوردییەکان دەکەم، تیرۆریست نیم، وەلێ ئامادەم لەسەر تۆ خۆم بتەقێنمەوە.) ژنێک لە ‹لەندەن›ەوە زەنگم بۆ لێ دەدات و دەڵێت: (لەمێژە تووشی شێرپەنجەی جگەر بووم، ئەوە بە زەبری نووسینی تۆیە، هێشتا زیندووم.) مامۆستا ناسر هەورامی لە هۆڵاندەوە پێم دەڵێت: (لە ڕووی دەروونییەوە هەندێک ناساغ بووم، دۆکتۆری دەروونناس و دەرمان، فریام نەکەوتن، بە خوێندنەوەی نووسینی تۆ، چاک بوومەوە.)

ژنێک لەو کۆڕەدا کە لە ستۆکهۆڵم بۆ یادکردنەوەی مەرگی‹فادیە شاهیندال› ساز کرابوو، باوەشێک گوڵی پێشکەش کردم و پێی گوتم: هەندێک کەس تەنیا بە نووسینی شیعرێکی جوان، دەبن بە شاعیر، وەک عەلی عارف ئاغا و میرزا مارف، کە ئەمیان بە (نەمام و عەرعەری ساواش لە تۆ خنجیلەتر نابێ) و ئەویان بە (دڵم هەر ئەو دڵەی جارانە ئێستاکەش ئەناڵێنێ،) بوون بە شاعیر. تۆش کورتەشیعری (بەعسی)ت بەسە، بتکات بە شاعیر.

شانازی بە خەلاتی دەزگای ‹ئاراس›ەوە، کە چالاکترین دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەیە، کورد بە خۆیەوە بینیبێت، دەکەم، وەلێ هێژاترین خەلات لە کن من، ڕستەیەکی جوانە، کە لە خوێنەرێکی ڕاستگۆی دەبیستم، خوێنەرێک کە هەر لە یەکەمین گفتوگۆوە، وا دەپەیڤێت وەک لەمێژ بێت، لە نزیکەوە بمناسێت. نایشارمەوە گەلێک جار بە زەبری قسەی ئەو خوێنەرانەم، چاوم فرمێسکی تێ دەزێت. کە دەست بە نووسین دەکەم، دلم لای قسەی ئەو خوێنەرانەمە، بۆیە هێندە بە دوودلی و ترس و لەرزەوە دەنووسم. بۆیە سەروەختی نووسین، خۆم بە پێشمەرگەیەکی ئابلۆوقەدراو دەزانم و هەوڵ دەدەم گوللەی هیچ وشەیەکم بە خەسار نەچێت، ئاخر ناخوازم هیچ کام لە شەیدایانی وشەکانم، نائومێد بکەم.

هاوڕێ عەزیز محەممەد کە دلۆڤانی دەنوێنێت و ناو بە ناو زەنگم بۆ لێ دەدات، دوو هەفتەیەک پێش گەشتەکەم، پێی گوتم: (حەز دەکەم سەرێک لە ولات بدەیەوە، ئاخر ناکرێت بۆ نووسین دەربارەی کوردستان، هەر پشت بە یادەوەرییەکانت ببەستیت.) کەچی کە کاک نێچیرڤان بارزانیم بینی، گوتی: (ئەوە ئەو هەموو زانیارییە دەربارەی کوردستان لە کوێوە دەهێنێت.!) ئەوە چونکە هەر بە جەستە لە تاراوگەم، بە ڕۆح لە کوردستانم، ئەوە چونکە کەسانێکی زۆر متمانەم پێ دەکەن و زانیاریم بۆ دەنێرن.

لەو فێستیڤالەدا کە لە دوا هەفتەی سالی ڕابردوودا، لە هەولێر، بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەندی نەمر کاویس ئاغا بەڕێوە چوو، حەوت کەس خەلات کران، شانازیی بەخشینی خەلات بە پێنجیان بەر من کەوت، کە یەکێکیان هێژا ناز عەبدوللا بوو، کە خەلاتەکەم دایە دەستی، گوتی: (ئەوەم بە لاوە گرنگ نییە کە خەلات کراوم، ئەوە مایەی شانازیمە کە تۆ خەلاتەکەم پێشکەش دەکەیت.) هەر لەو فێستیڤالەدا ئافرەتێک خۆی پێ ناساندم، کە ڕۆژی دواتر بینیمەوە و لێم پرسی: بۆچی هێشتا شووت نەکردووە، گوتی: هێشتا وەلامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارەم، کە سەدان جار لێم کراوە، بە کەس، تەنانەت بە دایکیشم، نەگوتووە، بەلام بە تۆی دەلێم: (هاوینی ١٩٨٣ بەعسییەکان دلخوازەکەمیان شوێنبزر کرد، لەو کاتەوە تا مانگێکیش دوای ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٣ هەر بە هیوای هاتنەوەی بووم!)

2005 . 03. 31

(١) دۆلی مەرگ: وادي الموت. لە ٩ی حوزیرەانی ١٩٦٣دا، بەعس لە سلێمانی، لەو دۆلەدا، ٨٦ کوردی زیندە بە چال کرد.

(٢) بای مەرگ: کیمیاباران.

(٣) دەمارگرتن: provocation: ئیستیفزاز.